# بۆ سەرجەم گەلی کوردستان

وەڵامێک بۆ ئەو بانگەوازەی کە بەناوی سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان بڵاوکراوەتەوە لە بەرواری 2005/1/13 لە سایتی دەنگەکان.

سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان، لە کاتێکدا بە ڕاشکاوی ڕووبەڕوی هەڵبژاردنی عێراق دەبێتەوە و مەترسیەکانی بەشداریکردنی گەلی کوردستان لە هەڵبژاردنی عێراق بۆ گەلەکەمان ڕوون دەکاتەوە، بڕیاری بەشداریکردنی هەبژاردنی کوردستانی داوە بە زۆرینەی دەنگ لە لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی کوردستانی کارا کە توانای یەکلاییکردنەوەی کێشە چارەنوسسازە هەڵواسراوەکانی باشوری کوردستان بە ئاقاری سەربەخۆیی یەکلایی بکاتەوە.

بەداخەوە هەندێ کەس و لایەن لەبەر هەر هۆیەکی ناکوردستانی یان لە لاوازی خۆیان لەبەردەم هەنگاوە بوێر و سەربەخۆخوازەکانی سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان و بۆ لێدانی هەنگاوەکانی، بە ڕێگای جیاواز هەوڵی لێدانی ئەو کارانە دەکەن.

بۆ نمونە پێش چەند مانگێک هێزی هاوپەیمانان داوای دانیشتنی کردلەگەڵ نوێنەرایەتی سەکۆ بەڵام هەندێ کەس ئەو هەلەیان قۆزیەوە و بە ناوی ئێمەوە دانوستانی لەگەڵیان کردوە و پێیانی ڕاگەیاندوە کە سەکۆ ئێستا بەناوی کۆڕی سەربەخۆ کار دەکەن.

لەبەرواری 2005/1/13 یش بڵاوکراوەیەکی لاواز بەناوی سەکۆوە بڵاو کراوەتەوە کە دژ بە هەنگاوەکانی سەکۆیە بۆ ئەوەی دووبەرەکیەکی هەڵوێست دروست بکات لەنێوان هانگاوەکانی سەکۆ کە بە خۆشحالیەوە گەلی کوردستان و بەتایبەت لاوان لە دەوروبەری هەڵوێست و هەنگاوەکانی کۆدەبنەوە، ئەوەش تەنها لە بەرژەوەندی عێراقچیەکانە بۆ لاوازکردنی دەنگی سەربەخۆخوازانەی ئێمەیە.

جا تکا لە هەموو سایتە کوردیەکان دەکەین ئاگادار بن لەو مەسەلەیە و هەر بەیانێک یان بڵاوکراوەیەک لە ڕێی ئەو ئیمەیلە نەیێت کە بۆمان نوسیون ئێمە بەرپرس نین لێی و داوای ڕوونکردنەوە دەکەین.

سەکۆی سەربەخۆیی گەلی کوردستان
2005/1/19